شاعیرێکی بەناوبانگی عەرەب بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد



سەرلەبەیانی رۆژی هەینی (1ـی ئەیلولی 2023)، شاعیری بەناوبانگی عەرەب، کەریم عەدە کە ناسراوە بە کەریم عێراقی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئیمارات گیانی لەدەستدا.

لێم بارەیەوە، سەرکەی ماوەبەسەرچووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتووە، "پرسە و سەرخۆشی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری شاعیری ناوداری عێراقی، کەریم عێراقی دەکەم و هاوخەمیانم"، هەروەها مەسعود بارزانی سەرکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرسەیەکی سەرخۆشی وتی: "بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی شاعیری گەورە کەریم عێراقی -م پێگەیشت، کە جێپەنجەیەکی دیاری لە بواری ئەدەب و هونەردا بەجێهێشتووە و لە ڕۆگەی بەرهەمەکانی، خزمەتی دەزی گەل و وڵاتی کردووە"، سەرکەی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سروە عەبدولواحید لە هەژماری فەرمی خۆی پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، "ئەمڕۆ بە دڵتەنگی و ئازارەکی گەورەوە ماڵئاوایی لە یەکێک لە زۆبەڵاحەکانی شیعر لە مێژووی هاوچەرخدا دەکەین، کەریم عێراقی شاعیرێکی زیرەک بوو و پێگەیەکی نێتەوەیی گەورەی هەیە، شاعیر ئەمەی لە نەخۆشخانەیەکی دەرەوەی وڵات بەجێهێشت، وەک ئەوانی پێشووی، ئێم خاکە هەموو ئەوانە ڕادەکاتەوە کە خۆشیان دەوێست".

کەریم عەراقی شاعیر لە ساڵی 1955 لە بەغدا لەدایکبووە، هەندێک لە هەنراوەو شیعرەکانی لەلایەن گەرانیبژێ بەناوبانگەکانی عەرەب وتراوە، ڕۆژی هەینی (1ـی ئەیلولی 2023) لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئیمارات بەهۆی نەخۆشیەوە گیانی لەدەستدا.